# کەموکورتی یاسا لە ئاست کۆژانەکانی ژنانی کۆمەڵگا

**ئەمیرە حەسەن**
ج.د.گ

کۆژانـــەکانی ژنـــان زۆرنو جۆرەکـانی دەگۆڕدرێـت بـەپێی بارودۆخو ژانەکانی گەلو کۆمەڵو ئایـــدیۆلۆژیای دەســـەڵاتدارو سایکۆلۆژییەتی مرۆڤەکان لەهەر سەردەمێکدا.

ژن ئەو پانتاییە بەرینەیە کە پانتـــایی لـــەپانتایی دەریـــاو ئۆقیانوسـەکان گـەورەترەو هـەموو دەرهاویشـــتەی مەینەتیـــەکانو ژانـەکانی گـەلو کۆمـەڵو پیـاوو منداڵ هەڵدەمژێو شەپۆلی سۆزو جوانـیو خۆشەویستیو میهرەبـانی ئـــەو هەمیشـــە لەروودایـــەو گەردەلولـــەکانی قوڵایـــی دەریـــا دادەپۆشێت.

ژیـان بـێ ئـەو نەبونـەو بـێ مانایـە، بـەڵام ئێمـەی کۆمـەڵ بـەکۆو ئێـوەی پیـاوو مرۆڤایـەتی بەگشـــتیو دەســـەڵاتو مـــێژوو بیروهۆش کە هـەموی سـەرچاوەی لـەوەوە گرتـووە زۆر کەمتەرخەمیـن لەئاسـتیداو کـاتێکیش خۆمـــان ڕێکدەخـەین بەیاسـاو شارسـتانیەت دروســـت دەکـــەین ئـــەوی ژن فـــەرامۆش دەکـــەینو جـــودای دەکەینـــــــەوە وەك ئـــــــەوەی ئێمەیمرۆڤ بەو نامۆ بینو لەو نـەبین، یاسـاکانمان تـا ئێسـتا زۆر کەموکورتـە لەئاسـت کۆژانـەکانی ئەودا.

مـن ژنێکـم رۆژانـە لـەدادگامو روداوەکـان دور لەرووکـەش دەبینـمو رۆژانە دەیان ژن دەبینم سەرگەردان دەبێتو لەبازنەی داخراوی یاسای کۆنەپەرســـتو جیاکـــاریو پیاوسـالاریدا دەسـوڕێتەوە، نمونـەی ئـــەو ژنـــەم لەبیرناچێتـــەوە کـــە لەتەمـــەنێکی هەرزەکاریـــدا بـــوو منـاڵێکی بەباوەشـەوە بـوو دەگریـاو دەیوت "مێردەکـەم ناردمیـەوە مـاڵی بـاوکم، چونکـە خانوەکـەیان پـێ چۆڵ کردینو ماڵەکەی فرۆشتو بـــەرەو هەنـــدەران رۆشـــتو مـــنو مناڵێکی سەرگەردان کردو لێشمان ناپرسـێتەوەو مـنی نەخوێندەواریش هیچ ئیشێك نیە بتوانم بیکەم" ئەو بەهەڵەداوان هاتبووە دادگا، بەڵکو دادگـا شـتێکی بـۆ بکـات، بـەڵام نەیدەزانی یاسا هیچ چارەسەرێکی پێ نیە بۆ ئەو.

ژنێکی تریش بەگریانـەوە وتـی "تەلاقـدراومو تۆمـەتی شەرەفیشـم بۆ دروستکراوە، مێردەکەم دوو کچە گەورەکـــــەمی دەرکـــــردووەو کەسوکاریشـم داڵـدەیان نـادەن، ئـەم ژنـەی ئـەمڕۆ هـاتووە لەگەڵمـدا هاوڕێمـــەو ئەمشـــەو کچـــەکانی گلداوەتـــەوە لای خـــۆی". یاســـا لەئاست ئەویشدا دەستەوەستان بوو لەئاسـت تراژیـدیای ژیـانی ئـەوو هـەزارانی تـری وەک ئـەو وەڵامو چارەسەری پێنەبوو. ئەو یاسایەی کـە ٤٥ سـاڵە بـۆ خـێزان دانـراوەو پێشنەکەوتووەو نـاتوانێ کێشـەکانی مرۆڤـی ئـەم سـەردەمە چارەسـەر بکـــات ئـــەو مرۆڤـــەی کـــە سـایکۆلۆژیاو بیری کۆنترۆڵکراوە بەسیســـتمێکی روخـــاوو هـــەرەس هـــاتوو، بەئابوریيـــەکی روخـــاوو بێژێرخـــان، بەســـایکۆلۆژییەتێکی دووفـاقی خـاوەن نـەك دوو بەڵکـو دەیـــان کەســـێتیو گیرفـــانێکی بـــەتاڵو گـــەنجێکی بێکـــارو نەخوێندەوارو خوێندەوارێکی خاوەن بڕوانامـــەی موچـــە کـــەمو فەرمانبـەرێکی بێ خـانوو، خـاوەن مـاڵێکی چـاوچنۆکو کۆمـەڵێکی هیلاكو..هتد

ئەمـە دیـوی دووەمـی ژیـانو کۆمەڵـــە کـــە مـــن رۆژانـــە لەچوارچێوەی ژوورەکانی دادگادا دەیبینـمو مامەڵـەی ئـەو یاسـا بێدەسەڵاتو بێ وەڵامـەش دەبینم لەئاست کێشەکاندا ئەوە رەشبینی نیە چونکە دەزانم دیوێکی تری ژیـانیش هەیە لەکۆشكو جوانیو پارەو رابواردنو سەیرانو دەسەڵات، رەنگە ئەمانە زۆربن بەڵام لەئاست رووی دووەمـدا بەپەنجـەی دەسـت دەژمێردرێت، ئەو کۆمـەڵو مرۆڤە روخـاوەی ئامـاژەم پێـدا پێویسـتە بنیادبنرێتەوەو سەر لـەنوێ بـەکارو خـەباتو دڵسـۆزیو لێبوردەیـیو هەماهـەنگی ڕێکبخرێـت، بـەڵام بەیاسـایەکی دادپـەروەرو مۆدێـرنو مرۆڤدۆست، نەك پیاوسالار وەڵامو چارەسـەری پێبێت بۆ کێشـەکانی سەردەم!!

ئەمە بانگەوازێکە بۆ هـەموو چینـەکانی ئـەم کۆمەڵـە لـەم سـەردەمەدا بۆ هـەموو کۆمەڵـەو رۆشـــنبیرو ژنـــانو پیـــاوانو منـــداڵانی بـــێ مـــافو ڕێکخراوو پارتو دەزگاکانی مافی مـــرۆڤو دەزگـــا بەرپرســـەکان کـــە پـــرۆژەی یاســـایی تـێرو تەسـەل بۆ هـەموو چینو توێژەکـــان ئامـــادە بکـــەنو خـــەبات بکـــەن بـــۆ جێگیرکردنـــی ئـــەو یاســـایە لـــەپێناو ئاســـودەیی کۆمـــەڵگای کوردیدا.

---

# ڕۆژنامە نووسان خوازیارن سەرۆکی حکومەتی هەرێم (نێچیرڤان بەرزانی) بەڵێنەکانی بباتە سەر



کۆبونەوە فراوانەکەی لیژنەی داکۆکیکار لەمافەکانی رۆژنامەنوسان

**مەستورە مەحمود**

دوای ئـەوەی کـە جموجۆڵێکی رۆژنامەنوســـی ســـەری هەڵـــداو رۆژنامـــەکان توانیـــان تاڕادەیـــەك دەنگیـــان هـــەبێت لەئاســـت داخوازیـــــەکانی هـــــاوڵاتیو کەموکوریەکانی دەسەڵات، هاوکات رۆڵـــی ئـــەو رۆژنامەنوســـانە لـــەو جموجۆلانـەی بـەم دواییـە گـەنجان دژ بەگەنـــدەڵی ئـــەنجامیان داو دەســـــەڵات بەشـــــێوازێکی ناشارستانیانە روبەرویان بۆوە و ئـەم رووبەروبونەوەیە خۆی لەپەلامـاردان وگـــرتن و دەســـت بەســـەراگرتنی کـامێرای رۆژنامەنوسـان دەبینیـەوە ئەمـــە جگـــە لـــەوەی ســـکاڵا تۆمـارکردن لـە ئاسـایش و پۆلیس لـــەرووی دەرونیـــەوە هەندێـــك لەرۆژنامەنوسـانی هیـلاك کـرد ئـەم دۆخـە هۆکارێـك بـوو بـۆ نزیـك بوونـــەوەی کۆمـــەڵێکی زۆر لـــە ڕۆژنامەنووســـانو کەناڵـــەکانی ڕاگەیانـدن کـە دەسـت پێکـی ئـەم نزیـك بونەوەیـە بەکۆبونەوەیـەك لـە رۆژنامەی ئاوێنە دەستی پێکردوو چەنـــدین کۆبونـــەوەی دی بەدواداهات وپاشان کۆبونەوەیـەکی فراوان لـەهۆڵی سـەنتەری گـەنجان کـە نزیکـە ٤٠٠ رۆژنامـەنوس و کارمەندانی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن ئامـادەبوون لـەم کۆبونـەوە فراوانـەدا لیژنەیەك پێکهات بۆ بەدواداچونی ئـــەو ئامانجانـــەی کـــە ئـــەم ڕاگەیاندنانـەی لـە دەوری خـۆی کۆکردۆتەوە، ئەم لیژنەیە سەردانی ســـەرۆکی حکومـــەتی هەرێـــم (نێچیرڤان بەرزانیان) کرد لە ٦/٢٢/ ٢٠٠٦، هەموو ئەو داوایانەی کە ئـەم ڕۆژنامەنووسـانەی لـەدەوری یـەك کۆکردۆتـەوە پێشـکەش بـە بـەڕێزی کـرا، لەوانـە نـەمانی مـاددەی (٤٣٣-٤٣٤) وە بەنـد نەکردنی ڕۆژنامەنوسانو لێنەدانیان لیژنـەی داکۆکـی کـردن لـەمافی ڕۆژنامەنوســان )، ئــەرکی ئــەم لیژنەیـە چـاودێری هـەنگاوەکانی حکومـــەتو پەرلـــەمان هەروەهـــا لیژنەکـــە بـــەنیازە کۆبوونەوەیـــەك لەگـەڵ سـەندیکادا بکـات، دوای ئـــەویش لەگـــەڵ بەرپرســـی ڕاگەیاندنـەکان تـاوەکو کـەموکورتی ڕۆژنامەنوســـانیش بخرێتـــە روو گفتوگۆی لەسەر بکرێت بڕیاریشە کۆبونەوەیـــــەك لەگـــــەڵ ئاسایشـدا بکرێـت سـەبارەت بـە دەســـــت نەخســـــتنە کاری ڕۆژنامەنوسانەوەو کە ئەمە یەکێکـــە لەداخوازیـــەکانی ڕۆژنامەنوسان.

و زەوت نـەکردنی کـامێرا لـەکاتی خۆپیشـاندان یـان هـەر کـارێکی تـر کـە بێمـافی بێـت بەرامبـەر بـە ڕۆژنامەنووس سـەرۆکی حکومـەت بـــەڵێنی جێبـــەجێ کردنـــی داواکاریـــەکانیداوە ، لـــە ٦/٢٧/ ٢٠٠٦ ئـەم دەسـتەیە نـاوی لێـنرا.

---

# فرۆید وتەنی لەپشت هەموو سوعبەتێکەوە راستییەک خۆی حەشار داوە

**ڕێوان**

لەژمارەی ٢٢٨ی کۆمەڵ ٢٤/ ٢٠٠٦/٦ لەگۆشـــەی "بیلێـــم" ئامـادەکردنی ناکـام حەمـە جـەزا، دەڵێـت لەکۆبونـەوەی لیژنـــەی داکۆکـــی کـــردن لەمافـــی رۆژنامەنوســـان نوێنـــەری دوو ڕێکخراوی ژنان پیاو بو، ئێمە وەك رۆژنامـــەی (ڕێـــوان) بـــە مافـــی خۆمـــانی دەزانیـــن بـــەرگری لـــە خۆمان بکەین و وەڵامێکی کورتی ناکام بدەینـەوە گـەرچی نوسـەری بابـەت ئەوەنـدە بوێری نەبووە نـاوی ئەو ڕێکخراوانە ئاشکرا بکات کە نوێنـەریان پیـاو بـووە، ئێمـە وەک بڵاوکـراوەی (ڕێـوان) نوێنـەرمان ئامـــادە بـــووە لـــە زۆربـــەی کۆبونەوەکانداو تەنانەت ئەم بابەتە لەلایـەن نوێنەرمانـەوە لەکۆبونـەوەی رۆژنامەنوسـانەوە باسـکراوە، بـەڵام ئەوان هەروەك چۆن مەسەلەی ژنـان وەك مەســـەلەیەکی مرۆیـــی کـــە بەشـــێکە لەمەســـەلە سیاســـیو ئـــابوریو کۆمەڵایەتیـەکانی ئـەم کۆمەڵگەیە، کردویانەتـە پێکـەنینی خۆیانو لەدەسەڵاتەوە تا بەزۆربـەی نوســـەران دەگـــات، هێنـــدەی ســـادەگۆیی خۆیـــان لەســـەر مەسەلەکان، سادەگۆش لەسەر ئەم مەسـەلەیە دەدوێـن، بۆیـە وەڵامـی ئەوان بۆ نوێنەرەکەی ئێمە ئەوە بووە کە ئەوە سوعبەتێك بووە کراوە، ئەم وەڵامـــە بـــۆ ئێمـــە لەنوســـینەکە سەختترە، لەبەر ئەوەی ئەم نوسینە مـــێژووەو ئـــەو وەڵامـــەش بـــۆ نوێنەرەکـەمان بەشـێکە لـە گوتاری بـاوی ئـەم کۆمەڵگەیـە کـە قـابیلی قبـــوڵ نیـــە، بۆیـــە ئێمـــە وەك رۆژنامـەی (ڕێـوان) کـە لەسـەرەتاوە ئامانجمان دروستبوونی ئامانجێکی مرۆییەو خەباتیشمان بۆ گۆڕینی تێڕوانینـە باوەکانـە، ئـەم خەباتـەی ئەمڕۆشـمان پێویسـتی بەوەیـە کـە زۆر بەئاگاییەوە لەگوتەکان بڕوانین لەسەر نوسینەکان هەڵوەستە بکەیـن ئـــەوەی کـــە رەخنـــەی بابـــەتی و پێشـــنیاری باشـــە وەریـــدەگرین، ئەوەشـــی کـــە لێدانـــەو بەمەبەســـت ئاڕاســـتە دەکرێـــت هەڵوێســـتی لەبەرامبـــەردا وەردەگـــرین، ئەشـــێ زۆر کەس پێی وابێت ئەمە شتێکی سـادەیەو ئێمـە گـەورەمان کـردووە، بـەڵام بـۆ ئێمـە گەورەیـە، لەبـەر ئەوەی لەنێوەندی ئەو کۆبونەوانەدا ئـەم قسـەیە کـراوە کـە خۆیـان و نوســـینەکانیان بـــە ڕێبـــەری گۆڕانکـــاری دادەنێـــن و دژ بەگەندەڵیو دژ بەدواکەوتنو دژ بە گوتاری باو ئیش دەکات، (ڕێوان) لـەم قۆناغـەی خەباتیـدا بەهـەموو بڕوابوونـی خۆیـەوە پشـت بـەخودی مێینە دەبەستێت بۆ ڕێبەری کردنـی ئـەم خەباتـە، لەبـەر ئـەوە بەهیـچ جۆرێك قبوڵی نیە وتـەبێژو ڕێبـەری خەباتەکەی لەژنان زیاتر کەسی تـر بێت، بـەڵام هـەر هاوکارییـەکو هـەر پێشـــــنیارێکی نێرینـــــەش رەتناکاتەوە، وەك رونکردنەوەیەکیش، ئـــــەو کۆبونەوەیـــــەی ڕۆژنامەنوســـــان گرتیـــــان لـــــە یەکـــــەم کۆبونـــــەوەوە (ڕێـــــوان) نوێنـــــەری ئامـــادە بـــووەو نوێنەرەکەشـــی مێینەبوو.